# خوێنی شەهیدانی قەڵەم لەئەستۆی بارزانیدایە!

**بۆ:ڕای گشتی**

ئیمرۆ ساڵێك تێدەپەڕێت بەسەر تیرۆرکردنی (سەردەشت عوسمان).ئەم ساڵیادە لەکاتێکدایە کەتائێستا بکوژانی هەریەکە لە(عبدالستار تاهیر شەریف و سۆران مامە حمە) دەستگیرنەکراون و ڕەوشی ڕاگەیاندن لەهەرێمی کوردستان تادێت ڕوو لەخراپی دەکات، چونکە ئەم ساڵیادە لەکاتێکدایە کەلەماوەی ٧٠ڕۆژی ڕابردوو خراپترین ئەو ڕۆژانە بوون بۆ ڕاگەیاندنی کوردی بەتایبەتی و بەگشتی لەهەرسێ پارچەکەی تری کوردستان ڕەوشی هاوڕێ و هاوکارانمان خراپ بووە بەلاّم بەبەراورد بەڕەوشی هەرێم تەنیا لەسێ پارێزگاکەی هەرێم پلەی یەکەم وەردەگرێت.

بەپێی زانیارییەکانی ئێمە چونکە لەم ماوەیەدا سەدان ڕۆژنامەنووس هێرشیان کراوەتە سەر و کەناڵی(نالیا)سوتێنراوە و کەناڵی(پەیام) لەلایەن هێزێکی ئەمنیەوە گەمارۆدراوە و کەناڵی (کەی ئێن ئێن)یش تەشویشی خراوەتە سەر ڕادیۆی دەنگیش لەکەلار وێرای پەلاماردانی تالاّن کراوە هەموو ئەم ڕووداوانە ئێمە وەکو گروپی ڕۆژنامەنووسانی بێسنوری کوردستان لەم ساڵیادە بێدەنگی دەسەلاّتی کوردی لەمەڕ تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان دەخاتە ژێر پرسیارەوە ، سەرۆکی هەرێم بەبەرپرسی یەکەم دەزانێت لەتیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان ئەمەش بەهۆی ئەوەی کەسەرۆکی هەرێم و بەرپرسانی تری پارتەکەی هەمیشە شانازی بەئارامی هەولێرەوە دەکەن هەروەها سەرجەم کونسوڵخانەی وولاّتان لەهەولێر بەهاوبەشیکردن لەتیرۆری سەردەشت عوسمان دەزانین، چونکە بێدەنگی ئەوان نیشانەی ڕازیبوونیانە بەم کردەوانەی دەسەلاّتی بنەماڵەی بارزانی لێرەوە جارێکی تر ڕووی داوامان لەبارزانی دەکەین کەبەپەلە تاوانبارانی هەرسێ شەهیدی قەڵەم ئاشکرابکات و ڕاپێچی دادگایان بکات ئەگینا ئێمە ناچاردەبین چەند وێنەیەك لەجەستەی ئازاردراوی) سەردەشت عوسمان) بلاّوبکەینەوە دواجار کاردانەوەکانی هەرشتێك بێت ئێمە لێی بەرپرسیارنین .

وەکو ڕێزگرتنیش لەخوێنی هەر سێ شەهیدی قەڵەم وەکو پێشتر ڕامانگەیاندبوو یادی ڕۆژی ئازادی ڕۆژنامەگەری ناکەینەوە.

**گروپی ڕۆژنامەنووسانی بێسنوری کوردستان هەرێمی کوردستان**

--
--

http://www.besnuri.com

http://www.facebook.com/besnur
Grupî Rojnamenûsanî Bêsnurî Kurdistan
گروپی رۆژنامەنوسانی بێ سنوری کوردستان
Kurdistan Borderless Journalists Group
بلاحدود كردستان مجموعة صحفيي
گروه روزنامەنگاران بدون مرز کردستان